www.kurdistannet.org
28/02/2003 03:49

# به ناوی ژیان و ۱۸۲۰۰۰ خەونەوە
# کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئەنفال

ئەنفال بە تەواوەتی دەرك ناکرێت، بەڵام ئەمە تەعبیر نییە لە بێدەنگبوون لە هەمبەر کارەساتێکی وەها گەورەدا. بێگومان ئەنفال پرۆسەیەکی دژ بە مرۆڤایەتی و بەتایبەت دژ بە گەلی کوردە کە وێڕای هاوشێوەبوونی لەگەڵ جینۆسایدە کانی مێژووی مروڤایەتیدا، لە زۆر لایەنەوە پێویستی بە باسکردنی تایبەتی هەیە.

هەر بۆیە لە چەند رەهەندی جیاوازدا، وەك شیکاریی لایەنەکانی خولقاندنی ئەنفال، مەترسییەکانی دیسان رووداونەوەی ئەنفال، ناسینی خود و شوناسی کوردی و رێز و حورمەتگرتن لەو رەنجە بێسەروشوێن و نادیارانە، لە چەند لایەن و گۆشەنیگای جیاوازەوە هەوڵ لە خوێندنەوەی زانستییانەی ئەم کارەساتە دەدرێ. بەم بۆنەیەوە لە هەموو نووسەران، توێژەران و رۆشنبیران داوا دەکرێت بەپیریی ئەم ئەرکە مرۆڤانە و نەتەوەییەوە بێن و بە ناردنی وتار، بەپێی تەوەرەکانی خوارەوە، لەم کۆنفرانسەدا بەشداری کەن.

## تەوەرەکان:

**١_ رەگ و ریشە مێژووییەکانی خولقاندنی ئەنفال.**

**٢_ دەوری ئایدیۆلۆژیا و بەعسیزم لە خولقاندنی ئەنفالدا (شیکاریی سیستەمە مەعریفییەکانی) .**

**٣_ ئەنفال و پێوەندیی بە جیهانی مۆدێڕنەوە.**

**٤_ هۆکارە ناوخۆییەکانی خولقاندنی ئەنفال.**

**٥_ کێشەی شوناس و لایەنی (ئەویدی سڕینەوە) لە ئەنفالدا.**

**٦_ چۆنییەتیی هەڵسوکەوتی ئێستە و داهاتوومان لەگەڵ ئەنفالدا.**

**٧_ ئەگەرەکانی رووداونەوەی ئەنفال و بەردەوامبوونی لە هەموو رەهەندەکانیدا.**

**٨_ رەنگدانەوەی ئەنفال لە هونەر و ئەدەبیات و فیکری هاوچەرخی کوردیدا.**

**٩_ خاڵە جیاواز و هاوبەشەکانی ئەنفال و رووداوەکانی وەك ئەو.**

**١٠_ بێدەنگیی ناوخۆیی و دەرەکی لە هەمبەر ئەنفالدا.**

**١١_ دەوری ئەنفال لە بەجیهانیکردنی کێشەی کورددا.**

**١٢_ کاریگەرێتیی ئەنفال لە سەر ژینگەی شوێنە ئەنفالکراوەکان.**

*تێبینی:*

١_ وتارەکان تا رێکەوتی ٥ ی گوڵانی ٨٢ بگاتە نووسینگەی کۆنفرانس.

٢_ وتارەکان لە ٢٠ لاپەڕەی تایپکراوی A4 زیاتر نەبێت.

٣_ لەگەڵ وتارەکەدا ناونیشانی خۆتان بنێرن.

٤_ کۆنفرانس لە رۆژانی ٢٤ و ٢٥ ی گوڵانی ٨٢ (١٤ و ١٥ ی مەی ٢٠٠٣) دا و لە زانکۆی کوردستان بەرێوە دەچێت.

*ناونیشانی نووسینگە:*

سنندج _ صندوق پستی ٧٩٣-٦٦١٦٥

www.kurdistannet.org
28/02/2003 03:49

فاکس-08716660066

تەلەفۆن:09138750913

E_mail: HEJAN2702@HOTMAIL. COM
E_mail: HEJAN2702@PARSIMAIL. COM

ناوەندی کولتووری _ توێژینەوەیی هەژان

نووسینگەی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی ئەنفال

کوردستان نێت www.kurdistannet.org